# چیرۆکێك

کچە بۆ جوانی جوان نییە. لووتدرێژێکی..نانا..ئێوە راوەستن..کچ نییەو ژنە. ئەوەتا دیارە. بەئارایشتە خەستوخۆڵەکەیدا بەلایەك‌و، بەرووکراوەیی‌و دەمگەرمییەکەشیدا بەلایەکی‌تر، دیارە کە کچ نییەو ژنە. کچ کەموزۆر گیرۆدەی جۆرە شەرمنییەکە، کە بەئاشکرا جاڕی کچێتیی لێدەدا. لەکاتێکدا ئەم ئەوەتا تەنانەت، توێژاڵێکی تەنکیشی لەو جۆرە شەرمنییەی پێوە نەماوە. ئەم ئەوەتا بەلەسەبووەو بەگژدا دەچی‌و زمانیشی، بڵێسەی ئاگرێکە بۆ خۆی‌و شاڵاو دەبا.

ئا.. ژنە بۆ جوانی جوان نییە. لووتدرێژێکی دەموچاو درێژکۆلەی کۆتاییهاتوو، بەچەناگەیەکی تیژی چوکڵەدار. لەپەنایاندا دوو روومەتی پووت‌و بەسەرووی هەر یەکەیانەوە، چاوێکی رەشی گەورەی پڕ لەکل. بەسەر ئەوانیشەوە دوو برۆی قەڵەمکراوی باریك‌و سەروو ئەوانیش، ناوچەوانێکی داپۆشراو بەدەسکەنەیەك لەقژێکی زەردی چڕ، کە لە پشتەوە لەسەر شێوەی کلکەئەسپ هەڵپێچراوە.

من ئەو ساتەی پێڕاگەیشتم‌و لەدەنگەدەنگەکە بەئاگاهاتم، کچەم..نانا..ژنەم ئاواهی کەوتە بەرچاو. من لەشولاریم ئێستاو ئەوسا نەبینی. لەشولاری کەوتبوە ئەودیو چەپەرێکەوەو، خۆی تێئاخنی‌بوو. لەمدیو چەپەرەکەوە دوو زەلام، پەیتاپەیتا پەلوپۆیان بۆ دەهاویشت‌و هەوڵیان دەدا، دەستوپەنجە لەشوێنێکی ئەو سەروسەکوتەی..لەتیتکێکی قژە کلکەئەسپییەکەی..لەلووتە درێژەکەی یا چەناگە تیژەکەی گیر بکەن‌و، لەودیو چەپەرەکەی دەربکێشنە دەرەوەو، بۆیان بەگیر نەدەهات. ژنەم ژنە وەها خۆی خزاندبووە ئەودیوەوە، کە ئەگەر هەردوولا لەسەر ئەو بارودۆخە بمانایەتەوە، دوو زەلامەکە قەت ئامانجیان بۆ بەدی نەدەهێنرا.

ئابەڵێ..ئەوساتەی من پێڕاگەیشتم، ژنەم ئاواهی کەوتە بەرچاو. دەنگیشیم وەك پڵنگێکی ئابڵووقەدراو دەهاتە بەرگوێ، کە دەیزیڕاندو دەیووت:

ـــ هەلاهەلاو ئەنجنئەنجنم بکەن..لەدەسکەواندا بمکوتن..بەدەستاڕ بمهاڕن..بمکەن بەتۆزوگەردو هەر تۆزقاڵێکم، بدەن بەدەم رەشەبایەکەوە..نەمویستوەو نەمویستوەو نامەوێ!.

دوو زەلامەکە ژنێکی سەرەیان لەتەکدابوو. ژنە چووبووە بندەستیانەوەو، خۆشخۆش سیخورمەی تێدەسرەواندن. پەیتاپەیتاش دەیووت:

ـ کورە دەداڕزێن..دەدەستێکی بگەیەننێ‌و، دەریبکێشنە دەرەوە. دەك داوەشێن‌و حەیاتان چێ. دوو زرتەبۆزن‌و کەچی دێڵەسەگێکتان بۆ زەوت ناکرێ؟!.

دوو زەلامەکەش خۆشخۆش لەوەرامدا دەیانووت:

ـ دەتۆ راوەستە دایە..دەتۆ چوارچاومان مەکە!.

لەکاتێکدا پڵنگە ئابلۆوقەدراوەکە لەولاوە، لەناو سەنگەرەکەیەوە یەك لەسەر یەك، هەر دەیووت و دەیووتەوە:

ـ نەمویستوەو نەمویستوەو نامەوێ.

من یەکەم کەس بووم، بەسەرداچووم و لێیان بەئاگاهاتم. دیمەنەکەم لەناکاو کەوتە بەرچاو. من بەرێوەبووم بچم بۆ جێبەجێکردنی کارێکی خۆم و، بیروهۆشمی سەروبەر پێوە خەریك بووبوو. بەبێئاگا لەدەوروبەرم هەنگاوم دەنا. تا کاتێ لەپێچێکی راڕەوەکەدا بەلای چەپدا لامدا، دیمەنەکەم راستەوخۆ، بەگشت ئەو هەیتوهووتەیەوە بینی.

من هیچ مەیلێکم لەسەر راوەستان و سەیرکردن و گوێلێگرتنیان نەبوو. دیمەنەکە بۆ یەکێکی وەك من، کە بینینیان پیشەی رۆژانەمە، ژمارەیەکیتربوو دەچووە سەر سەدانی لەوەبەر کە دیومن و، سەدانیتریش کە بەرێوەن بیانبینم. بۆیە لەوەدابووم هەنگاو گورجتر بکەمەوەو بەخێرایی لێیڕەت ببم، کەچی هێندەم نەزانی پڵنگەم پڵنگ، لەجێی خۆیەوە بەدەنگێکی سیخناخ لەپاڕانەوەو کڕووزانەوەوە زریکاندی:

ـ ئەی هاوار کاکی پارێزەر ئەی هاوار..دەستم دامێنت بەفریام بکەوە. ئەگەر راستە ئێوە پارێزگاری لەهەق و لەدادوەری دەکەن، وەرە لەم جانەوەرانەم بپارێزە. دەستم دامێنت وەرە بمپارێزە.

بانگەوازەکەی ئامانجی پێکاو، منی لەجێی خۆم چەقاند. راستە من نەهیچم کردو نەهیچم وت، بەڵام خۆ دوو زەلامەکەو ژنەکە سەرەکە، با بۆ چەند ساتێکیش بێ، روویان بەلای مندا وەرگێڕاو لەو غافڵ بوون. بگرە سووکە سڵێکیشیان کردەوەو، جڵەوی شاڵاوەکەیان کەمەکێ بەدەستەوە شل بۆوە.

تا ئەوساتە هێشتا رێکەوتی نەکردبوو، لەمن بەولاوە کەسێکیتر بەسەردا هاتبێ. هێشتا تەنیا منو ئەوان بووین. دیمەنەکە ئێستا ئەئاوا کەوتبۆوە..پڵنگەکە لەولاوە لە کونەکەیدایەو من لەبەرامبەریدا، لەجێی خۆم چەقیوم. دوو زەلامەکە دەستوچنگیان هەر بۆی درێژەو روویان بەلای مندا وەرگێڕاوە. ژنەکە وەرچەرخاوەو تێم دەڕوانێ. هیچیشمان ورتەوجووڵەمان لێوە نایەت. راست لەوە دەچێ، کەسانی هەقایەتێکی ئەفسانەیی بین و بەتەلیسمێك کرابین بەبەرد.

ژنە سەرەکە یەکەممان بوو تەلیسمەکەی لێبەتاڵ بۆوە. وەك خێرا هەستی کردبێ، کە من با ئەفەندی و جانتابەدەست و پارێزەریش بم، بەڵام ئەو دەسەڵاتدارە نیم ترسی راستەوخۆیان لێی هەبێ، لچێکی بەقێزوبێزی لێهەڵقورتاندم. بەکەمتەرخەمییەوە وەرچەرخایەوە بەلای دوو زەلامەکەدا. یەکی سیخورمەیەکی تێسرەواندن و وتی:

ــ دەك غیرەت سەگ بتخوا!..یانی بەدوو زرتەبۆز، ئەو دیڵەسەگەتان بۆ دەرناكێشرێتە دەرەوە؟!. ئێوە لەكن خۆتان، سەری حەوتحەوتتان بۆ دەبڕیم. دەتانووت دەچین هەلاهەلای دەكەین‌و پارچەكانیت بۆ دێنینەوە!. ئەی كوا ؟!.. پێم بڵێن كوا؟!.

دوو زەلامەكە وەك بەكردنی قسەكان لەحزووری مندا تەریق بووبنەوە، شڵەژان‌و تەنگەتاو بوون. ژنە هەستی پێكردن. ئاوڕێكی پڕلەبێزهاتنەوەی بەلای مندا دایەوە. ئەمجاریش لچێكی وەك ئەوەكەی پێشووی لێهەڵقورتاندم. بەدەمییەوە وردورد لەسەرخۆ لێم هاتە پێشەوە تاگەیشتە ئاستم. ئەوسا وەك بووبمە یەكێك لەدوو زەلامەكەی لەمەڕ خۆی، سیخورمەیەكی سرەواندە كەلەكەم‌و رووی قسەی كردەوە ئەوان‌و وتی:

ـ ئەوە ئێوە چیتانە؟!..دەڵێیت لێی‌تۆقیون ؟!.گوایە ئێوە بەچیی تێدەگەن؟!.

ئینجا وەرن بڕواننە ئەو مەخسەرەیەی كە روویدا!. ئەگەر دوو زەلامەكە بەقسەیان بكردایەو منیان پشتگوێ بخستایە، ئەگەر وایان دابنایە كە من لەریزی نەبوانم‌و ئەگەر لەسەر شاڵاوبردنەكەی خۆیان بەردەوام بوونایە، ئەوا من بەو دەردە نەدەچووم كەچووم. ئیتر قەت مەپرسن چ كارەساتێكی پڕ سەیروسەمەرە رووی‌دا!. خۆمن بەهیچ كلۆجێ ورتەم لەدەم دەرنەهات. كەچی ژنەم ژنە نەعوزوبیللا ..بەدوای قسەكەیدا، هێندەم نەزانی وەك پشیلەكێوییەك هەڵیكوتایە سەرم. هەر راست بەدەستووری پشیلەش هێندەی بڵێییت یەك‌ودوو، نینۆكەكانی هەر پێنج پەنجەی هەردوو دەستی، بەهەردوو روومەتمدا داكشاندو، رووخسارمی كردە شەمامەیەكی نەخشین. بۆ نەگبەتیشم ئالەوساتەدا، كاك سامانی هاوڕێ‌و هاوپیشەم، بێخەبەر لەسەروبنی كارەساتەكە بەسەردا هات. بەبینینی من بەو حاڵەوە، كردییە هاتوهاوار. ئانوسات چەند كەسێكمان لیگردبوونەوە. لەوانە پۆلیسێكی ناودائیرەكە، كە دەستوبرد قوت بۆوەو لەسامانی پرسی:

ـ چییە مامۆستا؟!.. چی بووە؟!.

سامان وتی:

ـ ئەو ژنە بگرە ..خێرا!.

ژنە هەندێ خۆی راپسكاندو هەرزوو دەستەمۆبوو. دەتووت دەیەوێ بڵێ: دەی باشە من بووم..فەرموون چی دەكەن بیكەن!.

هاوڕێكەم كە ئاگای لەسەروبنی كارەستەكە نەبوو، گەلێ بۆم تەنگەتاو بووبوو. من هێشتا هەر وڕو حەپەساو، لەكەنارێكەوە راوەستابووم‌و حۆلحۆل دەمڕوانییە ئەوان. بەڵام ئەو وەها پەشۆكابوو كە ئۆقرەی نەدەگرت. بەپرتاو دەهات بەلای منەوەو، سەرنجێكی پڕ لە داخوخەفەتی دەدامێ. دەیویست بمدوێنێ‌و هیچ نەبێ پرسیارە ئاساییەكەم لێبكاو بڵێ: بۆچی‌و چۆن‌و لەسەر چی؟!. كەچی كە منی لەوبارە ناهەموارەدا دەدی، پاشگەزدەبۆوەو دەچۆوە بەلای ژنەو

پۆلیسەکەوە. تا لەدواجاردا من کە ئیتر روو لەوەبووم وریا ببمەوەو زمانم بەرەڵابێ، چاوێکی بەپەلەم بەملاو بەولادا گێڕا. وەك لەبەرخۆمەوە بدوێم وتم:

ـ دوو زەلامەکەو ژنەکەیتر کوان؟!.

هاوڕێکەم بەدوای قسەکەدا، خولێکی بەدەوری خۆیدا خواردو بەبێپەروا چاوی گێڕا. کاتێ بەئاگاهات نازانێ چاو بۆکام دوو زەلام‌و ژنە دەگێڕێ، رووی تێکردمەوەو بەسەرسوڕمانەوە وتی:

ـ وتت دوو زەلام‌و ژنێکیتر؟!.

وتم:

ـ ئا بەڵێ..لەگەڵ ئەم ژنەدابوون.

هاوڕێکەم هێندەیتر پەشۆکا. بەقەڵەمبازدێك خۆی گەیاندە، لای ژنەو پۆلیسەکە. بەجۆرێك هەڵمەتی بردە سەرژنەو دەستی نایە بینی، کە ترسی خنکاندنیم لێنیشت. لەدڵدا وتم: عوزر لەقەباعەت خراپتر. بۆیە وەك تەواو لەخۆم بەئاگا هاتبمەوە، تەکانم داو گەیشتمە سەری. دەستیم لەقورتمی ژنە پێبەرداو وتم:

ـ وازی لێبێنە..کوێ دەچن؟!.خۆ نەئاسمان هەڵیکێشاون‌و نەزەوی قووتی داون. هەر دەبینرێنەوە.

قسەکەمی پەسەندکرد. بێهیچ وەرامدانەوەیەکی من، دەستی لێبەردا . بەڵام رووی دەمیکردە پۆلیسەکەو وتی:

ـ تۆ دەستی لێبەر نەدەیت..ئەمە دیارە عەجەب دەعەجانییەکە!.بگرە عەجەب جانەوەرێکە!. بەرەڵا ببێ کورە ها، دەستمان لەبنی هەمانەکەوە دەردەچێ!.

پۆلیسەکەش وەك سەری لەکارەکە سوڕمابێ، سەرنجێکی پڕ لە پرسیاری لە نێوان هەردوولادا هێناوبرد. وەك بیەوێ قسەیەك بکا، کەمێ گیری خوارد. بەڵام قسەکەی قووت دایەوە. ئیتر ئەو ژنەکەی پەلکێش کردو بردی. ئەو خەڵکەشی لێمان گردبووبوونەوە، دەوریان چۆڵ کردین‌و چوونەوە بەلای کاری خۆیانەوە.ماینەوە من‌و هاوڕێکەم...

هاوڕێکەم کە ماوەیەك بوو لەتەنیشت یەکترەوە، بەبێدەنگ لەقوڕنەیەکی ژوورەکەماندا ـ ژووری پارێزەران ـ دانیشتبووین، سووکە ئانیشکێکی دڵسۆزانەی تێوەژەندم‌و وریایکردمەوە . بەدەم بزەیەکی شیرینەوە وتی:

ـ خراپ چوویتەتە ژێری!..بیرت لەچی دەکردەوە؟!.

لەوەرامیدا وتم:

ـ چیرۆکێك‌و کە ئەگەر شەوم لێداهات‌و مام ، دابنیشم بینووسم!.

**سلێمانی ـ** 7ـ11ـ1989